# کەمێك ئارام بن وبە مەنتیق بنوسن، با نەبنە مایەی پێکەنین!
# وەلامێك بە حامد ئەیوب

**یەکەم** : وەلامی حامد ئەیوبم بە وەلامەکەی شەمال عەلی بە ئەحمەد معین و جەمال عبداللەخوێندەوە . پێویست ناکات من هیچ ناویکی لێبنێم خۆی دەلێت بە زمانێکی ( نزم ، زبر و ڕووشێنەر ، توند و خەشن ، ڕەق و دەمکوتکەر ) ئەوەی نەشێ بۆ نووسین و بلاوکردنەوە نووسیویەتی . بێگومان نووسینێك کە بوو بە جنێوفرۆشی خودی ئەو کەسە و ئەو بیروڕاو ڕێکخراوەش کە بەرگری لێ دەکات لەبەرچاوی خوێنەر دەهێنێتە خوارەوە و دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە . ئەو دەبووایە وەکو خۆی بۆ گرنگ نەبوو ڕێکخراوەکەی بۆ گرنگ بووایە. دەکرا هەر بە خاتری ئەوەی بەرگری لە ڕێکخراوەکەت دەکەیت ڕیعایەتی پرەنسیپ و ئوسولی سیاسی و نووسینیت بکردایە .

ئەو بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە وەلامەکەی شەمال ناچاری کردووە بەو زمانە بنووسێت ، دەلێ ئەو زمانەی پێی دەنووسم مەیل و ئارەزووی من نی یە ، دلخواز نەبووم بەو زمانە بنووسم! بەڕاستی سەیرە ! کەسێك بە بیرکردنەوە و دەستی خۆی زمانێکی نزم و پڕ جنێو بەکاربهێنێ و بیخاتە سەر کاغەز و بلاوی بکاتەوە ، پاشان ئۆبالەکەی بخاتەئەستۆی کەسێکی تر ! کەسێك نەتوانێت کۆنترۆلی زمانی خۆی بکات لە نووسین دا ، دەبێ لە قسە کردن دا چ زمان و فەرهەنگێکی هەبێ و چ ووشە و زاراوەیەکی تر بەکاربهێنێ ! زمانی نووسین و قسەکردن پێش هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و سوننەت و ڕەوشتی سیاسی و هاوکات فەردی ئینسانەکانە ، هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نی یە وەلام بە کێ ولەگەل کێ قسە دەکەیت. لەوانەیە ئێستا حامد دوای ئەوەی هەرچی پێ بوو هەلێڕشتووە کەمێك سارد بووبێتەوە، پێم باشە خۆی بە نووسینەکەی شەمال و نووسینەکەی خۆیدا بچێتەوە و بزانێ کامیان بە زمانێکی پیس و پڕ جنێو نووسراوە ؟ کامیان بەرگەی ڕەخنە ناگرێت و چیکلدانەی هیچ ناگرێت ؟ کامیان هەروەکو ئەحمەد معین دەلێ زمانی شارستانی نی یە و شێوازی جەدەلی دوواکەوتووانەیە؟ وەلامی ئەم پرسیارانە هەلدەگرم بۆ خۆتان بەلکو کەلك و خێرێکی هەبێت .

باوەڕ بکەن منیش کاری ترم زۆر بوو ، بەلام وەکو شەمال ئەم فرسەت و دەست بەتالی یەم لەم **1** ، **2** ڕۆژەدا دەست کەوتووە کە لەسەر ئێوە بنووسم ، چونکە نە قەبارەی ڕێکخراوەکەتان نە کاریگەری و تەئسیرتان نە تێڕوانی و نەزەرتان نە دژایەتی کردنتان لەگەل ئێمە هی ئەوە نی یە لە جیاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەل هێز ە ئەسلی یەکانی کۆمەلگای عێراق کاتی پێوە سەرف بکەین .

هەروەها باوەڕ بکەن ئێمە شەڕی کۆنە قین و دوژمنکارانەمان لەگەل ئێوەدا نی یە ، ئەوە تەنها لە زەینی ئێوەدایە . چونکە حزبی ئێمە تا ئێستا لە مەیدانی سیاسەت و کۆمەلگای عێراق دا هیچ ڕووبەڕووبوونەوە و دوژمنایەتی یەکی لەگەل ڕێکخراوێکی بەو ناوەوە ( یەکێتی کۆمۆنیستەکان ) بۆ دروست نەبووە تا دوژمنایەتی بکات، تا ئێستا ئێمە ئەم جەرەیانەمان لە کۆمەلگادا نەبینیوە تا بە تەئیید یان ڕەخنە ئاشتی یان دژایەتی یان بکەین . پڕ بە دل حەز دەکەین ئەو ڕێکخراوەی ئێوە باسی دەکەن لە کۆمەلگای عێراقدا لە مەیدانی سیاسەتدا نوێنەرایەتی بچوکترین خواست و ئامانجی خەلکیش بکات و بە کردەوە کار و خەباتی بۆ بکات ئێمەش پشتیوانی بکەین و هاوکاری لەگەلدا بکەین. هیوادارم بچن ئەم کارە بکەن .

**دووەم** : لەڕاستی دا ئەو وەلامەی حامد زۆرباش بۆ وەلامدانەوە بە ئەحمەد معین کە باسی شێوازی جەدەلی دوواکەوتوو و نەبوونی زمانی شارستانی دەکات لەپرۆسەی ئەو ئیختیلافاتانەی لە حککا دا ڕووی دا . ئەو وەلامە شێوازی جەدەل و زمانی ئاشکرای سەر سایتی ئێوەیە بە کەسێك کە ڕەخنەتان لێ بگرێت ، دەستی چەوری خۆتان بۆ بە حزب و بزووتنەوەکەی ئێمە دەسڕن ؟ لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە حامد بە دوای ئەحمەد معین دا دەیەوێت زمان و شێوازی جەدەلی ناو حزبی ئێمە بسەلمێنێت ! لە خەرمانێك نووسین و لە دەیان هەزار نووسراوو بلاوکراوە دوو ووشەی نازانم کام جەلەسە و کام سال بە بەلگە دەهێنێتەوە کە گوایا کادرێکی ڕابەری تۆمەتی بێ بناغەی داوەتە پال کەسێکی تر ! بەلگەی ئاوا لە قوتووی هیچ عەتارێکدا جێی نابێتەوە، هەرخۆی ئەوە بەلگەی بێگەردی ڕەوشت و شێوازی بێگەردی کۆمۆنیزمی کرێکاری یە کە ئێوەمانانی وا لێ دەکات بۆ سەلماندنی قسەیەکی خۆتان بە زەرەبینێکی گەورەوە بە ڕۆژ و مانگ و سالەکانی مێژووی ئەم حزبەدا بگەڕێن بەلکو دوو کەلیمەی دەمی کەسێك بدۆزنەوە ! بەلام ئەوە نە کاری ئێمەیە نەبۆشمان گرنگە بە شوێن سەلماندنی زمان و شێوازی ئێوەوە بین و نیشانتانی بدەین، ئێوە خۆتان بە ئاشکرا زمان و شێوازی دوواکەوتوو و نزم بەکاردەهێنن . ئەمەی نووسیوتە نموونەیەکی زمان و شێوازی خۆتانە.

**سێیەم** : سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیش کە ئەحمەد معین زوو زوو باسی دەکات و ئێمەی پێ قەرزار بار دەکات ، پێویست بەو شەرحەی حامد ناکات کە دەست تێوەردانی حزبەکان کارێکی کرد کە خۆیان نەبوونە یاریکەری ئەسلی. کەی سیاسەت وا دەکرێت دوای قەرەبالغیەك بکەویت کە جلەوەکەی بە دەست کەسێکی ترەوەیە و ئەو نەخشە و بەرنامە و سنوری بۆ دادەنێت ؟ ئەحمەد معین خۆی نووسیویەتی کە ئێوە

بوونه کارتی دەستی یەکێتی و پارتی . باشە ئەحمەد معین ئەتوانێت زەمانەتی ئەوە بدات لە هەموو سیناریۆکانی ( بە قەولی ئێوە جوڵانەوە جەماوەریەکانی ) ئایندەدا نەبنە کارتی دەستی ئەحزابی گەورە و یاری زانی لاوەکی و تۆپ هێنەرەوەی وازیەکانی ئەحزابی کوردایەتی ؟ من گومانم لەوە نی یە کە ئێوە ئامادەن بەم هەڵانەشەوە لە ئایندەدا بەشداری هەموو قەرەباڵغی یەکی تر بکەن ، بە یەك دەلیل ئەویش ئەوەیە کە گروپێك یان ڕێکخراوێك لە کۆمەڵگادا خاوەنی بەرنامە و نەخشەیەك نەبێت و هەرگیز خۆی پیٚ ی نەکرێت خەڵك کۆ بکاتەوە ناچارە شوێن قەرەباڵغی بکەوێت . ئەوەش بڵێم بەڵام عاجز نەبن، ئێوە یەکەم جاریشتان نی یە ئەمە دەکەن پێشتریش لە قەرەباڵغی تەعزێی ئیبراهیم ئەحمەددا بەشداریتان کرد و بەینی خۆشمان بێت بروسکەشتان نارد ، هەندێك خەڵکی بەد نیەت ئەم کارەتان بە جۆرێکی تر لێك دەدەنەوە و دەڵێن مەسەلە خۆشباوەڕی و خەڵەتاندن نییە و هۆکاری تر هەبووە! بەڵام من باوەڕ بەوە ناکەم زۆرتر بۆ ئەوە دەچم کە ئێوە بە خاتری ئەوە ئەو کارەتان کرد کە ئەوتان پیٚ شۆڕشگێڕ و *مارکسیست* بوو !! .

هەر لێرەدا با ئەوەش بڵێم و بیرم نەچێت ، سەبارەت بەو نامە کراوەیەی ڕێبوار ئەحمەد بۆ جەلال تاڵەبانی لەسەر گۆڕنکاری قانونی ئەحوال شەخسی کە حامد باسی دەکات گوایە ڕابەرایەتی حککع خۆشخەیاڵی و تەوەهومی بە یەکێتی و پارتی هەبووە. لە ڕاستی دا ئەوە تێگەیشتنێکی نا دروست و پێچەوانەیە لە مەسەلەکە . چونکە ئەگەر مەسەلەکە تەوەهوم و خۆشباوەڕی بوایە دەکرا نامەیەکی ڕەخنەگرانە و ڕوو بە کۆمەڵگا نەبووایە، ئەو نامەیە پەیامێکی ڕەخنەگرانە بوو بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگا ڕابگەیەنێت کە تاڵەبانی تەسلیم بە ناڕەزایەتی و خەباتێك بووە کە ئێمە کردمان ، ئێمە ئاڵای ئەو خەبات و ئاڵ و گۆڕەی قانونی ئەحوال شەخسی مان بەرز گردەوە لە دژی ژن کوشتن لە کوردستان سەرەنجام یەکێتی هات و ویستی بێتە ژێر ئەو ئاڵایەوە و بەرهەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکەی بخاتە گیرفانی خۆیەوە ، ناوەڕۆکی ئەو پەیامە ڕۆشن کردنەوەی ئەم نیازەی یەکێتی بوو بۆ خەڵك ، سەرەڕای لایەنگری لەو ئاڵوگۆڕە لە قانوون دا کە لە بەرژەوەندی ژنانی کوردستان دا هاتووەتە گۆڕیٚ . بەڵام ئێوە بە پێچەوانەوە یەك ئیشتان کرد چوون بوون بە کارتی دەستی یەکێتی و بەشداری جووڵانەوەیەکتان کرد کە لەیەکەم ڕۆژەوە سوکانەکەی بەدەست یەکێتی و پارتی و ڕێکخراوەکانی ئەوانەوە بوو لە دەرەوە و لە ناوەوە ، تەنانەت لەسەر ناوەکەشی ڕێك نەدەکەوتن پارتی لەبەرامبەر یەکێتی دا ناوی نابوو ڕاپرسی بۆ ئەوەی هەمووی نەچێتە گیرفانی یەکێتی یەوە.

**چوارەم** : سەبارەت بە مەسەلەی کورد و ستەمی میللی سیاسەت و ڕێگا چارەی ئێمە ڕۆشن و ئاشکرایە . لەهەر هەل و مەرجێکدا کام ڕێگا بە دروست و لە بەرژەوەندی خەڵگدا بێت ئەوە دەخەینە ڕوو . ئێمە نە جودا خوازین نە داوای دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەین ، بەڵکو دەمانەویٚ ستەمی میللی لەسەر خەڵك یان شەڕ وکێشمە کێشی قەومی لەسەر دەسەڵاتی نێوان ناسیۆنالیستەکان کە ژیان و سەلامەتی و ئایندەی خەڵکیان شێواندووە کۆتایی پیٚ بهێنین . لەهەر هەل و مەرجێکدا ئاسانترین و نزیکە دەست ترین ڕێگا بۆ کۆتایی هێنان بەم موسیبەتە دەخەینە بەردەم کۆمەڵگا.

بەڵام بەداخەوە من نەمزانی نەك تەنها لەسەر جیابوونەوەی ناو حککا هەڵوێستتان لەگەڵ جەمال عبدالله و ئەمسالی ئەودا وەکو یەکە بەڵکو لەسەر ڕێگاچارەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ مەسەلەی میللیش هەروەکو ناسیۆنالیستەکانمان پیٚ دەڵێن. پێتان وایە هەرکەس داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستانی کرد ئیتر دەبیٚ دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد داوا بکات . ئەنجا بۆ ئەوەی بە چاوی ناسیۆنالیزم بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەڕوانن باشترە ئەم عەینەکی پێش فەرزە ناسیۆنالیستی‌یە داکەنن . دەکریٚ کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بێت و دەوڵەتەکەشی قەومی نەبێت هەروەکو چۆن دەکریٚ عێراق یان ئێران وڵاتێکی سەربەخۆ بێت و دەوڵەتەکەشی قەومی یان ئیسلامی نەبێت. هەموو ناسیۆنالیستەکان کوردستانیان وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ کە دەوڵەتێکی سکۆلار و مەدەنی هەبیٚ ناچیٚ بە عەقڵدا و و دەڵێن شتی وا نابێت دەبیٚ هەر دەوڵەتی قەومی بێت ، وا دیارە ئێوەش سەبارەت بەم مەسەلەیە وەکو ئەوان بیردەکەنەوە بۆیە پێتان وایە سیاسەتەکانمان دژ بەیەکە.

لەمەش سەیرتر ئەوەیە گاڵتەتان بەوە دێت کەرکوك هەویەی ئینسانی هەبێت و دەتانخاتە پێکەنین، وادیارە لەپەیوەند بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی یەوە گەشەی باشتان کردووە و وشەی ئینسان بووەتە مایەی پێکەنین بۆتان . بەڕاستی تا ئێستا نەمزانی بوو ( کەرکوك ناسنامەی ئینسانی هەبێت ) دەتان بزوێنێت و گاڵتەتان پیٚ ی دێت ، بەڵام ( کەرکوك شارێکی کوردی یە ) و ( کەرکوك دڵ و قودسی کوردستانە ) و تەواوی تەبلیغاتی فاشیستانە و ڕەگەزپەرستانەی دژی عەرەبی کەسەرەنجام ئەو نائارامی و هەموو ڕووداوە دڵ تەزێنانەی شاری کەرکوکی لیٚ کەوتەوە و خەڵك و دانیشتوانی ئەو شارەیان کردە دوژمنی یەکتری ، ناتانبزوێنێت . عومر باقی بێت لەم مەسەلەیەشدا بۆمان مەعلوم دەبیٚ بوونەتە کارتی دەستی کیٚ .

**پێنجەم** : سەبارەت بەوەش کە دەڵێن ئێمە حزبمان بۆ ئایندەیەکی نادیارمان هەڵنەگرتووە دوو قسەی بکەین . باشە ئەگەر وایە بۆ کاتێکی نادیارتان هەڵنەگرتووە ئەی کاتە دیارەکە کامەیە ؟ بەو تولە ڕێگا دوور و درێژە بێت کە حامد باسی دەکات بۆ حزب دروست کردن پێم وانی یە

قەت بگاتە مەنزڵ . دەبێ چەند ژمارەی تری جەریدەکەتان دەربکەن تا  هەل و مەرجی زاتی  و مەوزوعی بگۆڕن و  ئەو مقومات و مستلزماتە مادیانە بۆ جەماوەری کرێکاران ئامادە بێت کە حزبی خۆیان دروست بکەن ؟ باشە چۆن بۆتان مەعلوم دەبێ کە چینی کرێکار ئامادەیی ئەوەی پەیدا کردووە ( دوور با ) کە حزبی هەبێت  ، چۆن دەزانن ، ڕیفراندۆم لەناو کرێکاراندا دەکەن؟  باشە ئەگەر دروست کردنی حزب بە جۆرە بێت کە ئێوە باسی دەکەن  ئەبێ کەی وچەند دەیە و چەند سەدەی تر ( دوور با )  بۆ دەسەڵات  سیاسی خەبات بکات ؟
ئێوە دەڵێن کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵقوڵاوی چینی کرێکار نی یە. ئەی ئێوە هەڵقوڵاوی چین؟  بۆ لەناو چینی  کرێکارەوە هەڵناقوڵێن؟ کەی بەتەمان هەڵبقوڵێن؟ ئەگەر ئەم کارە ئەوەندە قورس و دوور و  درێژە کەی  قۆڵی لێ هەڵدەماڵن؟  کەی ئەم کارە تیئۆریە گەورەیە ئەنجام دەدەن؟ ئاخر ئەو قسانەی ئێوە دەیکەن لەسەر پرۆسەی دروست بوونی حزب تەنها ئحم ئحمی پێش قسە کردنە، جارێ کارکردن ئەوە هەر باسی مەکە. کەی بە مۆمی تیئۆری خۆتان،  بە ناوی حزبە هەڵقوڵاوەکەتان شەوگاری جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری  ڕۆشن دەکەنەوە ؟ خۆ ئێوە وەکو حامد دەڵێ کێشەیەکتان نەماوە و نەشتەرگەری سیاسی خۆتان کردووە و برینە قووڵەکانیشتان ساڕێژ بووە .

هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە لەسەر  ئەو حزبەی کە نیتانە و  بۆ ئایندەیەکی نادیارتان هەڵنەگرتووە لە جێی  خۆیدایە بۆ ئەوەی ئاورێك لە خۆتان بدەنەوە و  باشتر خۆتان  بناسن و وەزعی خۆتان بزانن . حامد باسی پێ دەرهەوایی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات و دەیەوێ بە مەقالەیەکی سێ چارەکە جنێو خۆی قەناعەت پێ بکات  کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەو بارەگا و چەکدارانەوە ، بەو هەموو یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی ئازادی ژن و یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان، شەخسیات و نفوز و تەشکیلاتی فراوانی لە بەسرەوە تا سلێمانی و لە دەرەوەی وولات، بەو بڵاوکراوە وسایت و ڕادیۆ و کەمپین و ڕووبەڕووبوونەوە و کێشمە کێشەوە بەرامبەر هێزە بۆرژوازیە ئەسڵی یەکانی کۆمەڵگا... هتدەوە، پێ دەرهەوایە. بەڵام ئێوە بەو حاڵەی ئێستاتانەوە کە جووڵانەوەیەکتان دیار نی یە ئەگەر دەریش بکەون دوای قەرەباڵغی خەڵکی تر دەکەون و بەو شەرتەیە ببنە کارتی دەستی ئەم و ئەو، پێ لەسەر زەوین و تۆکمە و تێك سمڕاون!  شتێك هەیە پێی دەڵێن مەنتیق ئازیزان،  1+1دەکاتە 2، ناکاتە ( چەند ئەدەیت بەزیا بێت )، بۆ خۆتان باشترە و کەڵکی زیاترە بە پێی مەنتق بکەن و بجوڵێنەوە. دەنا ئەو قسانەی لەسەر ئەم سایتانە هاوکات و هاونەزەر لەگەڵ جەمال عبدالله و ئەمسالی ئەودا دەیکەن باش نیە ولە عێراق و کوردستان بیکەن، باوەڕ بکەن دەبنە جێگای پێکەنین.
لە کۆتایی دا منیش هەمان قسەی شەماڵ دەکەمەوە، چاکترە بیرێك لەوە بکەنەوە لە جیاتی ئەوەی پێناسە و کاری خۆتان نەیاربوونی حککع بێت، باشترە لە بەرامبەر کۆمەڵگا دا خۆتان پێناسە بکەن،  کارێك یان پلاتفۆرمێك لە کۆمەڵگادا بۆ خۆتان دیاری بکەن و کار و خەباتی بۆ بکەن. باوەڕ بکەن ئەم جۆرە کارانەی دەیکەن هێندەی ترلە کۆمەڵگا دوورتان دەخاتەوە وڕێکخراوەکەشتان نامێنێت. لە باشترین حاڵدا ئەگەر ڕێکخراوەکەشتان بمێنێت، بتانەوێت یان نەتانەوێت  هەروەکو ئەم  شێوەیەی تا ئێستاتان دەبنە شەریکی کار و کارتی دەستی ئەم و ئەو .

**سامان ئەحمەد**

**2004 / 11 / 8**